زنجیرەی تەحریف و ئیدعا
حسن نشرهما - ٦

## کەشفی شوبهە لە چەمکی حەدیس:

# بە من دەسور گەیشتووە کە لەگەڵ مرۆڤ شەڕ بکەم

SANAD

Kr

## پارادۆکسێکی مەردوود

چۆن پێغەممەر دەسووری کوشتنی غەیری بسوڵمانان دەدا و لە لایەکەوە کاری خاس و خەڵات دان بەوان بە موباح دەزانێ؟

خودا ئەم ئایەتەی لەسەر پێغەممەرەکەی نازل کردووە: ﴿لَا يَنْهَاكُمُ اللَّهُ عَنِ الَّذِينَ لَمْ يُقَاتِلُوكُمْ فِي الدِّينِ وَلَمْ يُخْرِجُوكُم مِّن دِيَارِكُمْ أَن تَبَرُّوهُمْ وَتُقْسِطُوا إِلَيْهِمْ إِنَّ اللَّهَ يُحِبُّ الْمُقْسِطِينَ﴾، [ممتحنە:٨]، «[اما] خودا ئێوە نەهی ناکات بە ڕەفتاری جوان لەگەڵ ئەوانەی لەگەڵ ئێوە شەڕیان نەکردووە و ئێوەیان لە دیارتان دەرنەکردووە، لەگەڵ ئەوانەدا باش بن و بە عەداڵەتەوە ڕەفتار بکەن کە خودا دادوەرەکانی خۆش دەوێ."

لە ڕەوایەتی سەحیح هاتووە کە حەزرەتی عومەدی چاردێکی سووری پەیدا کرد، ئینجا ووتی: یا رسول الله! شیاوە ئەگەر ئەم چادرە بکڕی و ئەوە لە ڕۆژەکانی جومعە و لەکاتی مولاقات لەگەڵ ئەو کەسانەدا لەبەر کەی کە لەدەرەوە دێن. پێغەمبەر فەرمووی: «ئەی عومەر! ئەم جۆر جلە کەسێک لەبەری دەکا کە لە ڕۆژی قەیامەت هیچ بەش و بەهرەیەکی نەبێ و ئینجا جلگەلێکی هەورێشمی دیکەیان بۆ پێغەممەر بە خەڵات هێنا و یەکێک لەوانەی بەخەڵات دابە عومەر. بۆیە عومەر هات بۆ لای پێغەممەر و عەرزی کرد: یا ڕەسووڵ الله! ئەتۆ ئەم پارچە هەورێشمەت بۆ من ناردووە، لە حاڵێکدا کە من لە ئێوەی بیست کە فەرمووتان: ئەمە بەشی کەسێکە کە لە ئاخرەتدا بەشێکی نیە! پێغەممەر فەرمووی: من ئەوەم بە تۆ نەدا لەبەری کەی، من ئەوەم بە خەڵات بە تۆ دا کە بیفرۆشی و یان بیدەی بە کەسێکی دیکە لەبەری کات. بۆیە عومەر ئەوەی دا بەو برایە واکوو لە لایەن دایکیەوە برای بوو، و لە مەککەدا موشریک بوو، خەڵاتی کرد. (بوخاری لە ادب المفرد) چونکە موشریک مولزەم بە ئیجرای شەریعەت نیە.

ئەم ڕووداوە لە سەردەمی مەدەنی لە ساڵی وفوود دا (٩ کۆچی) دوای فەتحی مەککە ڕووی داوە. بۆیە درووس نیە کە ئەوترێت کە دەسوور بە باش ڕەفتار کردن تەنیا بۆ ئەو کافرانەیە کە دەسدرێژیان نەکردووە و و بە ئایەتەکانی جیهاد مەنسوخ بووە، هەر وەها کە هەندیک پێیان وایە. بۆیە ئەگەر غەیری بسوڵمانێک بە شێوازی ئاشتی خوازانە ژیانی دەکرد و دەسدرێژکەر و موحاریب نەبوو نەدەبوو لەگەڵی شەر بکردرێت و بەڵکو دەبوو بە شێوازێکی شیاو لەگەڵی ڕەفتار بکرێت و خەڵات دان بە ئەو ئیرادێکی نیە.

## ڕوون کردنەوە بۆ دەفعی شوبهە

ئیسلام ئایینی ڕەحمەت و مەکارمی ئەخلاقە و منەتێکی گەورە و نێعمەتێکی عەزیمە کە خودا ئەوانەی لەسەر بسوڵمانان ئەرزانی داوە. ئیسلام هاتووە هەتاکوو پەیوەندی نێوانی خالق و مەخلووق و پەیوەندی ئەوە لەگەڵ موخالفە بڕواییەکانی سامان بدات. بۆیە، ئیسلام بریتی لە تەواوی قۆناغەکانی ژیان دەبێ و بۆ هەر کات و شوێنێکی شیاو و چاکسازاە و لە هەموو کاتێکدا بسووڵمانان ئەم فەزلە گەورەیە هەست دەکەن و لە خۆپەسەنی زۆر بە دورن. ئیسلام خێر و ڕزگاری بو هەموو مرۆڤ دەوێ جگە لەوەی کە دەعوەت گەران



دەسوور داوە کە لەسەر بنەمای حیکمەت و مەوعیزەی حەسەنە مرۆڤ بکێشن بەلایەن خۆیانا. پێغەمبەری خودا فەرمووی: "ئەگەر خودا یەکێک بە دەستی تۆ هیدایەت بدات لە وشتورانی سوور بۆت باشتر و بەنرخترە." (بخاري و مسلم.)

خودا فەرموویەتی: ﴿فَمَنِ اهْتَدَى فَإِنَّمَا يَهْتَدِي لِنَفْسِهِ﴾ [یونس:١٠٨]، « دەی هەرکەسێک کە هیدایەت پەدا بکات بە لایەنی خۆم هیدایەتی دەدەم" و هەرکەسێک دینی ئیسلام قبووڵ نەکات، هیچ زور و ئیجبارێک لەسەری نیە، چونکە هیدایەت زۆر بە ڕوونی جیاواز کراوەتەوە لە گومڕایی. [بقره: ٢٥٦] خودا فەرموویەتی: : ﴿وَلَوْ شَاء رَبُّكَ لآمَنَ مَن فِي الأَرْضِ كُلُّهُمْ جَمِيعًا أَفَأَنتَ تُكْرِهُ النَّاسَ حَتَّى يَكُونُواْ مُؤْمِنِينَ﴾ [یونس:٩٩]، «وە ئەگەر پەروەدگاری تۆ گەرەکی بوایەت بە دڵنیاییەوە تەواوی ئەوانەی لەسەر زەمینن هەموو پێکەوە ئیمانیان ئەهێنا، دەی باشە تۆ خەڵک ناگوزیر دەکەی بۆ ئەوەی کە ئیمان بێنن."

لێرەدایە کە بسووڵمانان ئەرکی دەعوەت و گەیاندنی نووری هیدایەت بە کۆمەڵگا لەسەر شانیانە تاکوو سەعادەت و ڕزگاری بەشەر لە دونیا ئاخرەت ببێت بە ڕاستەقینە.

بەڵام باتڵ بە دایمی لەگەڵ حەقدا کێشەی هەیە، لە حاڵێکدا دەعوەت کردن بۆ لایەنی الله بە جوانی لە مەعرەزی مەترسیەکاندایە و کاتێک دەینبینی ئەهلی بەغاوەت و بەرامبەری لەوەدا قەراریان گرتووە، بۆیە ئەگەر کاتێک نەبات مەشرووعە، باتل و دەسدرێژایەتی لە بەرامبەری دەعوەت و ئەسحابی دەعوەت قەراریان گرتووە و پاڵپشتی لە گیان لە گرنگترین واجیبەکانە و ئەم مەسەلەیە لە شەریعەتە ئاسمانی و زەمینیەکان ئەمرێکی بێ گۆڕانکاری و موقەرەر و چاکسازی کراوە لە سرۆشتەکان و فیترەتەکاندا، و هیچ کەسێک ئەوە ئینکار ناکت، بجگە لەو کەسەی کە سرۆشتی ئەو لەگەڵ یاساکانی ژیاندا ناکۆک بێ. ئەمە چەمکی ڕاستەقینەی ئەم حەدیسە شەریفە.

واتە بە من دەسوور دراوە تاکوو بانگهێشتی پەروەردگارەکەم بە حیکمەت و مۆعیزەی حەسەنە ئیبلاغ بکەم و ئەگەر باغیەک لەسەر من بەغاوەتی کرد و لەگەڵ من شەڕی کرد تاکوو بەرگری مرۆف لە حوریەت و ئازادی ئیمان بم، من لەگەڵ ئەوە خەبات دەکەم تاوەکوو مرۆڤ لەو کەسەی کە ئەوان ئیجبار بە کفر ئەکات ئازاد بکەم و دەرەنجامی لە نێوان لابردنی ئەم بەرگرە لەگەڵ دەعوەت بە حیکمەت و مۆعیزەی حەسەنە ئەمەیە کە ئەوانە بە یەکتایی و تەوحیدی الله تعالی شەهادەت دەدەن.

کەوابوو بەم ڕوانگە کامیل و گشت گیرە لە ئیسلام و دەقەکانیەوە، چەمکی حەدیس ڕوون دەبێتەوە.



## بابەتەکە بە کورتی

- گرنگی زمانی عەرەبی لە تێگەیشتنی ئایین و بۆ تێگەیشتن و گەیشتن بە مەبەستەکانی وتار ڕێگایەک جگەلەمە نیە.
- گرنگی کۆکردنەوەی نێوانی دەقەکانی شەرع و ڕوانگەی گشتگیری سەبارەت بە ئیسلام و ناسینی زانستە ئاڵیەکان و دەقەکانی زانیارە پرمتمانە و پسپۆڕەکان لە ئەو مەسەلانە کە لەوانەدا ئیلتباس و شوبهە بوونی هەیە.
- خودا خوێن ڕێشتنی حەرام داناوە و ئەحکامە پەیوەندی دارەکان بەوەی بە دەقگەلێکی ڕوونەوە بەیان کردووە. هەروەها کە فەرموویەتی: ﴿مَن قَتَلَ نَفْسًا بِغَيْرِ نَفْسٍ أَوْ فَسَادٍ فِي الأَرْضِ فَكَأَنَّمَا قَتَلَ النَّاسَ جَمِيعًا وَمَنْ أَحْيَاهَا فَكَأَنَّمَا أَحْيَا النَّاسَ جَمِيعًا﴾[مائدە: ٣٢]، واتە: « هەرکەسێک کەسێک جگەلە قەساسی قەتڵ یان (بە کەیفەری) فەسادێک بکوژێ وەکوو ئەوە وایە کە تەواوی خەڵکی کشتبووبێ و هەرکەسێک کەسێک زیندوو بکاتەوە وەکوو ئەوە وایە کە تەوای دونیا زیندوو کردوەتەوە." و ئەم مەسەلەیە لە تەعامول و هاوکاری پێغەمبەر و یارە وەفادارەکانی بە ڕوونی دێتە چاوا و ئاشکرایە.
- ئەم حەدیسە یەکێک لە دەقانەنەیە کە هەندێک لەوە دژ بە ئیسلام کەڵکیان وەرگرتووە و لە تێگەیشتنی ئەوا تووشی هەڵە هاتوون لەحاڵێکدا ناکۆکە لەگەڵ ئەوەی لە مێشکی ئەواندا بووە.
- لەفزی (أقاتل) لە بابی مفاعلە و شەڕ و خەباتە کە هەردوو لایەنەکەی پێویستە، بەم واتایە کە لەگەڵ کەسێکدا شەڕ بکات کە لەگەڵ ئەوە شەڕ دەکات و لە ئەو بەرگری دەکات بۆ ڕاگەیاندنی دین.
- پیتی (ال) لە لەفزی (الناس) گشتیە. واتە بەردەنگی ئەوە کەسانێکی دیاریکراو بوونە و ئەوانە موشریکەکانی عەرەبین کە لەگەڵ بسوڵمانان شەریان کردوون.
- کوشتنی کەسێک کە نایەوێ بێتە ناوی دینی ئیسلامەوە جایز نیە. خودا فەرموویەتی: "هیچ ئیکراە و ئیجبارێک لە ئاییندا نیە." [بقرە: ٢٥٦].
- هەرکەس کە بە تەوحید ئێقرار بکات، ڕوواڵەتەکەی ئەوەی قبووڵ کردووە و حەسابی باتن و ناودڵی بە خودا واگوزار بکە و حورمەتی گیان، ماڵ و ئابرووی ڕابگرە.

بۆیە ئەم ڕوایەتە لە هیچ دۆخ و مەرجێکدا، لە سەر کوشتن، ئازار دان، ئەزیەت کردن و مەجبوور کردنی مرۆڤ بو ئایینی ئیسلام دەلالەت ناکت. والله اعلم.



**زنجیرەی تەحریف و ئیدعا**

پێغەمبەری خودا سڵاوی خودای لە سەر بێ فەرمووی: ئەم زانستە لە نێوانی ئەوانەی کە دەمێنن، عادڵەکان و دادوەرەکان هەڵی دەگرن و ئەوە لە تەحریفی توندوتیژەکان و پەیوەندیگەلی ئەهلی باتڵ و تەئویلی جاهیلەکان دەپارێزن[١].

هەندێک لە خاوەنانی ئەفکاری ئینحرافی لە کەلامی خودا وەها تێگەیشتوونە کە هاودەنگ لەگەڵ مەنهەجی زانیس میراتی لە سەلەفی ساڵەح نەبووە و لەگەڵ ئامانجەکان و نرخە گەورەکانی وەحی ئیلاهی سازەگار نابێ. ئەوانەن کە هەندێک لەو ئایەتانەی کە پەیوەندی بە کافرەکان نازڵ بوونە، حەملی دەکەنە سەر بسوڵمانان.

لەو ئایەتانەی کە بە جۆری تایبەتی و هەڵاوێر نازڵ بوونە، ئەحکامی گشتی دەدەن و واتاکانی کەلامی خودا تەحریف دەکەن بە جۆرێک کە ببەت بە هۆی رسوخ یان درووس کردنی چەمکگەلێکی هەڵە لە ژیرایەتی و عەقلی عامەی بسوڵمانان کە لە ئیسلامدا نیە.

لە لابەلای ئەم زنجیرە بابەتانە بە تەحریفی مانعاکانی ئایەکانی قورئانی پیرۆز کە لە لایەنی خاوەنەکانی ئەفکاری مونحەریفە و بەربڵاو جیاوازی لە تێگەیشتنی پێغەمبەری خۆشەویست و ئەسحابی بەنرخ و شەریعەتی غەرا ئاشنا دەبینەوە.

١ - حەدیسی بەناوبانگی صححه ابن عبدالبر، روی عن احمد بن حبیل انه قال : هو حدیث صحیح

DAR AL FAQIH
PUBLICATION & DISTRIBUTION
SANAD
www.sanad.network
twitter: @sanadnetwork
facebook.com/sanadnetwork
youtube.com/sanadnetwork
instagram.com/sanadnetwork

Deviance_Isssue_07_Kr_PRINT.indd 1-5
01/01/18 22:48

بسم الله الرحمن الرحيم

الحمد لله رب العالمين والصلاة والسلام على أشرف الأنبياء والمرسلين
سيدنا ونبينا محمد الأمين وآله وصحبه أجمعين

پێغەمبەری خودا فەرمووی: "بە من دەسوور گەیشتووە کە لەگەڵ خەڵکیدا شەڕ بکەم هەتاکوو شەهادەت بدەن کە مەعبوودێک بجگە لە اللە نیە و موحەممەد پێغەمبەری خودایە و نوێژ بکەن و زەکاتی ماڵەکەیان دەربکەن، ئەگەر وەهایان کرد خوێن و ماڵیان لە ئەمن و ئەمانە مەگەر بە حەقێک بە ئیسلام کە حەسابی ئەوانە لەگەڵ خودایە." (بخاري و مسلم.)

## پێشەکیەک سەبارەت بە تێگەیشتن لە حەدیس

بۆ تێگەیشتنی درووس و ڕاستەقینە لە ڕیوایەت، بە دوو مەورید ئاماژە ئەکرێت:
گرنگی زمانی عەرەبی لە تێگەیشتنی دەقەکان.
توێژینەوە لەسەر ئیسلام بە تەواوی

## گرنگی زمانی عەرەبی لە تێگەیشتنی دەقەکان

خودا بە عەرەبی شەرافەتی خەڵات کردووە و دواییترین کتێبەکەی بەم زمانە ناردووەتە خوارەوە: ﴿بِلِسَانٍ عَرَبِيٍّ مُبِينٍ﴾ وئەو کتێبەی بە زمانی ئاخرین پێغەممەرەکە داناوە، بۆیە جێگای ئەم زمانە لە هەر دوو سەرچاوەکە واتە (کتێب و سوننەت) دیاریکراوە و سەبارەت بەمە هیچ ستێز و موناقیشەیەک بوونی نیە.

هەروەها جەهل و نەزانین لە زمانی عەرەبی بە مەنزەلەی جەهالەت و نەزانین لە دین و دەقەکانی دینە بەتایبەت لەکاتێکدا لە ڕواڵەتی دەقەکان بە جۆرێک کێشە هەبێت و ئەم کێشە و ئیشکالانە لانابرێت مەگەر بە ناسینی یاساکان و دەسوورەکانی زمانی عەرەبی،ئەگینا لە کاتی تەتبیقی ئەحکام لەسەر کەلامی خودا و وتاری پێغەمبەر تووشی تێگەیشتنی خراپ تێن و ئەم مەسەلەیە مونجەر دەبێت بە زیان و شەرارەتێکی گەورە.
بۆیە بنەمای ئینجراف خراپ تێگەیشتن لە اللە و ڕەسولولایە.

## توێژینەوە لەسەر ئیسلام بە تەواوی

بۆ توێژینەر لە زەمینەی دەقەکان شەرع پێویستە کە سەرنجێکی تەواویان سەبارەت بەوە بێت و هەموو بنەماکان و فەرعەکان، ئامانجەکان و مەبەستەکانی ئەوە کۆ بکاتەوە، و بەهەربارێک دەبێ زاڵ بێت لەسەر هەموو دەق و ئەمرە قەتعیەکان. بۆیە دەبێ ئایات و ڕیوایاتی موتەشابیە بگەڕێنێتەوە بۆ سەر موحکەمات، هەروەها کە ئەم بابەتە بە ڕوونی لە قورئاندا لەسەری دووپات کراووە و هاوکات لەگەڵ ئەوەدا دەبێ ئاشنایی هەبێت لەگەڵ بنەماکان و مەبادی عام و خاس، موتلەق و موقەیەد، موجمەل و موبین، سەبەبی نزوول و ئەو فەقاهەتەکانی دیکە و ناکرێ کە لە ئەم دەقانە غەفڵەت بکرێت، چونکە جەمع و



ئەعمال سەرتر لە ئیهماڵن و وەهایە کە ڕاستەقینەی مەسەلەکە بۆمان ڕوون دەبێتەوە، چونکە حەق و ڕاستەقینە تەجرەبە پەزیر نیە و تەناقوق قبووڵ ناکات، بەڵکوو لە یەک کێشە و دەریچە دەر دێت.

## پرسیار: ئایا ئەو ئایەتانەی کە خوێن ڕشتن و کوشتار لەسەر عەقیدە و بڕوایان بە موباح زانیوە، جوان لێی تێگەیشتوون؟

لە وەڵامی ئەم پرسیارە سەرەکیە دەبێت بڵێین:
ئەوانەی کە لە فامی دەقەکان هەڵە ئەکەن دوو گرووپن.

**گرووپی یەکەم:** هەندێک لە هاونەعەکانی ئێمە لاوەکانن کە بە جۆرێکی بنەمایی و موتەکامیل پەیوەندی بە کەڵتوور و فەرهەنگی ڕاستەقینەی ئیسلامی ئاشناییان نیە، و تەنانەت یەک ڕۆژ زەوقی تەعالیم و فێرکاریە جوان و بەنرخەکانی دین کە لە سەر خاوەنداری کردن لە مرۆڤی هاونەوع سەرنجی ڕاکێشاوە بەبێ چاو کردن لە بڕوا و عەقیدەی ئەو کەسە نەچێشتووە.

هەروەها کە خاوەنداری کردن لە گیانی مرۆڤ یەکێک لە پێداویستە موبارەکەکانی ئەم شەرێعەتەیە، و یەکێک لە مەبەستە بنەماییەکانی لە پێنج بنەماکەی ئیسلامە (خاوەنداری کردن لە دین، گیان، ژیرایەتی، ئابرو، و مال). خودا دەفەرمووێ: ﴿مَن قَتَلَ نَفْسًا بِغَيْرِ نَفْسٍ أَوْ فَسَادٍ فِي الأَرْضِ فَكَأَنَّمَا قَتَلَ النَّاسَ جَمِيعًا وَمَنْ أَحْيَاهَا فَكَأَنَّمَا أَحْيَا النَّاسَ جَمِيعًا﴾[مائدە: ٣٢]، واتە: «هەرکەس کەسێک بکوژێت، وەکوو ئەوە وایە کە تەواوی خەڵکی کوشتبووبێت و هرکەس کەسێک زیندوو بکاتەوە وەکوو ئەوە وایە کە تەواوی خەڵکی دونیای زیندوو کردووەتەوە."

تەنانەت ئیسلام هەتاکوو ئەم ڕادەیە بەسەندە ی نەکردووە و بۆ ئینسان حورمەتێکی سەرتری داناوە و بە سەراحەت لە قورئان لەسەر ئەم بابەتە دووپاتی کردووە و فەرموویەتی: ﴿وَلَقَدْ كَرَّمْنَا بَنِي آدَمَ﴾ [اسراء: ٧٠]واتە: «بەڕاستی ئێمە کەرامەت و گەروەییمان داوە بە بەنی ئادەم» وە لە سیرەی پاکی ئەو حەزرەەشدا نموونەگەلێکی عەمەلی سەبارەت بە ئەم ڕێزگرتن و تەکریمە هەیە، سەرەڕای ناکۆکیەکان لە دین و بڕوا، یەکێک لە مەوریدەکان هەڵساندنی ئەو حەرزەتە بەبۆنەی جەنازەی جوولەکەیەک بوو کە دوای ئەوە یارەکانی لە ڕووی سەرسوڕیەوە ووتیان: ئەوە جوولەکەیە، فەرمووی: «مەگەر مرۆڤ نیە ؟» (بخاري و مسلم)

بەڵام کێشە لەمەدایە کە ئەم کەسانە زانستیان لە زانیارە پسپۆڕ و ڕەبانیەکان نەگرتووە، ئەو کەسانەی کە مەقبووڵی کۆمەڵگان و لە زانستی ئایینی متمانەیان بەدەس هێناوە، بۆیە لەم ڕیوایەتە تێگەیشتنێکی هەڵەیان هەبووە و بە ئەم نەتیجەیە گەیشتوون کە دەبێ دەس ببەن بۆ وێرانی، تەقاندنەوە و خراپ کردنی کۆمەڵگا و بەناوی ئایینەوە دونیا بە فەساد و نابوودی بکێشن. ئێستا کە ئەبینین کە اللە تعالی فەرموویەتی: ﴿وَاللّهُ لاَ يُحِبُّ الْمُفْسِدِينَ﴾ [مائدە:٦٤]، « خودا فەسادکارەکانی خۆش ناوێ.»

بۆیە، چ خوێنگەلێک کە نەڕشتاوە و چ گیانگەلێک کە نابوود نەبووە و لەحاڵێکدا خۆیان و



ئەوانی تر و ئۆممەتەکانی تر تووسی خەسارەت دەکەن تا ئەو جێگایەی کە ئەم کەسانە بوونە بە پردێک بۆ بەدیهێنانی نەقشەکانی دوشمنان بەبێ ئەوەی کە خۆیان تێبگەیەن و بزانن.

**گرووپی دووهەم:**
ئەم گرووپە بریتین لەو کەسانەی کە غەیری بسوڵمانن و ئەو کەسانەی کە کاریگەریان وەرگرتووە لە فەرهەنگ و کەڵتووری ئەوان. ئەم کەسانە هەرجۆرێک نەقس و مەلامەتێک بە ئیسلامەوە پەیوەندی دەدەن و هەرجۆرێک لە تۆهمەت و ئیفتراکان بە ئیسلامەوە دەچەسپێنن و گومانیان وایە کە ئیسلام دینی ڕۆعب و ترساندنن و وەحشەت و خۆفە. و یەکێک لە تایبەتمەندیە ئاشکراکانی ئەوەیە کە لە ئیسلامدە ژیانی ئاشتیخوازانە لەگەڵ ئەوانەی تر نیە و لە بنەما و مەبادی ئەوەدا بەڵگەگەلێک هەیە کە بنەمای ئەوانە لەسەر شەرارەت و کوشتار و تەخریبە و ئیدعاکانی ئەم کەسانە بە جێگایەک گەیشتووە کە ئەڵێن: ئیسلام شایستەیی ئەوەی نیە کە لە سەردەمی ئێستادا هێمنایەتی و ئاسایش لە جیهاندا بڵاو کاتەوە.

ڕاستەقینەی مەسەلەکە ئەوەیە کە گرووپی یەکەم ئەو گەنجانەن کە خەڵەتاوون، هۆی سەرەکی لە بڵاو کردنەوهی ئەم ڕوانگە ستەمکارانە لە مێشکی بسوڵمانانن و ئەم دیاردەیە نەتیجەی کرداری ئەوان بووە، چونکە ئەوان توند و تیژی و تەخریبیان بە بنەما داناوە و لەوە وەکوو مەنهەج و شێواز بۆ خۆیان کەڵکیان وەرگرتووە، تا ئەو جێگایە کە لە نێوانی کردار و ڕەفتارە غەیری بەرپرسانە هیچ قازانجێگی لەگەڵ نیە، جگە لە زەرەر و زیان، کە حوکم دەدرێ لەسەر بسوڵمانان بە شێوازی گشتی.

﴿وَمَا أَرْسَلْنَاكَ إِلَّا رَحْمَةً لِّلْعَالَمِينَ﴾[انبیاء: ١٠١] واتە: «ئەی پێغەمبەر! ئێمە تۆمان نەناردووە جگە لەبۆ ڕەحمەتێک بۆ تەواو جەهانیەکان.»

## یە شوبهە و وڵام شوبهەکە

بە من دەسوور گەیشتووە کە لەگەڵ مرۆڤدا شەڕ بکەم هەتاکوو ئەو کاتەی کە شەهادەت دەدەن کە مەعبوودێک جگە لە اللە نیە...

پرسیاری یەکەم: ئایەکوو لەم حەدیسەدا دەلیلێک لەسەر کوشتن مرۆڤی تر هەیە؟ تەنانەت ئەو کەسانەی کە خۆیان بە پەیڕەوی ئایینی ئیسلام دەزانن، بەو جۆرە کە گرووپی یەکەم لێی تێگەیشتوون؟

پرسیاری دووهەم: آیەکوو ئیسلام ئایینێکە کە لە کۆمەڵگا ترس و وەحشەت ئیجات بکات و کوشتار بخولقێنێ؟ ئایەکوو لە ئیسلامدا شەواهید و بەڵگەگەلێک هەیە بۆ خولقاندنی بوغز و کەراهیەت و قبووڵ نەکردن ئەوانەی تر بەو جۆرەی کە گرووپی دووهەم لێی تێگەیشتوون؟

## وەڵامی ئەم دوو شوبهەیە

بەڕاستی کە سەرنی توێژینەرانە و مودەبیرانە لە فقە اللغە لە ئەلفازی ئەم حەدیسە، ئەم مەبەستەیان ڕاسپاردە کردووە، وڵامی ئەم ئیشکالە دەداتەوە.



.

## موفرەداتی وشەیی: جیاوازی نێوانی (أقاتل) و (أقتل)

**پرسیار:** ئەم لەفزە بووەتە مەدارێک بۆ تێگەیشتنی نادرووس بو گرووپی یەکەم، هەروەها کە لە نێوانی (أقاتل) و (أقتل) تووشی هەڵە و خەڵت هاتوون لە حاڵێکدا کە لە نێوانی ئەم دوو وشەیە توفیرێکی گەورە هەیە.

(أقاتل) بە بابی مفاعلەیە و لە سەر هاوکاری لە کاردا ئاماژە دەکات و ئەبێ هەردوو لایەنەکە شەڕ بکەن، هەر وەها کە دەوترێت: تجادل الخصمان في المناظره، واتە دوو لایەنەکە لە مونازیرە لەگەڵ یەکدا وت و وێژیان کرد.

لێرەدایە کە ئیمامێکی گەورە وەکوو ئیمام شافعی دەفەرمووێ: وشەی قتال لە ڕەگ و ڕیشەی قەتل نیە، هەر وەها کە لە مەواردێکدا قیتال و بەربەرەکانێ لەگەڵ کەسێکدا ڕێگای پێ نەدراوە و قەتڵ و کوشتنی ڕەوا نیە. (فتح الباري:٧٦/١).

وە زۆرەک لە عولەما بریتی لە ابن دقیق العید (شرح عمده الاحکام)، ابن رجب (جامع العلوم والحکم٢٣٠)، ابن حجر (فتح الباري:٧٦/١) و ئەوانەی تر وەکوو ابن تیمیە لەسەر ئەمە تەسریحیان کردووە.

**پرسیار:** ئایەکوو مەبەست لە ئەم ڕیوایەتە شەڕ کردن لەگەڵ هەموو خەڵکی جیهانە هەتاکوو داخلی دینی ئیسلام بن؟

هەرگیز و هەزار بار هەرگیز! هیچ کەسێک لە عولەمای ئۆممەت لە تەواوی سەدەکاندا تێگەیشتنیان وا نەبووە و تەنانەت ئەم ڕوانگەیە لەگەڵ تەعالیمی ئاینی خاوێن و شەرێعەتی موتەهەر ناکۆکی هەیە. هەروەها کە:

لەفزی: (الناس) لە وشەگەلی عامە، و مەبەستی بەتایبەت لەوە هەیە، و سەبارەت بەوە نموونەگەلێکی زۆر لە قورئان، حەدیس، و زمانی عەرەبی هەیە.

خودا دەفەرمووێ: ﴿وَأَذِّن فِي النَّاسِ بِالْحَجِّ يَأْتُوكَ رِجَالًا﴾ [حج:٢٧])، «وە لە نێوانی مرۆڤ بۆ (ئەدای حەج بانگ هەڵ بێنا هەتاوەکوو (زائیرەکان) بە پێی بێن بە لایەنی تۆ.» بۆیە لە ئەم وشەدا مەبەست لە (الناس) تەنیا ئیماندارەکانن نەک هەموو خەڵکی.

خودا فەرموویەتی: : ﴿وَيُكَلِّمُ النَّاسَ فِي الْمَهْدِ وَكَهْلاً وَمِنَ الصَّالِحِينَ﴾ [آل عمران:٤٦]، واتە: «وە لە نێوانی بێشکە [بە ئێعجاز] و لە تەمەنی میانساڵی [بە وەحی] لەگەڵ مرۆڤ قسە دەکات و لە ساڵحانەکانە.» مەبەست لە وشەی (الناس) لەم ئایەتەدا ئەو کەسانەن کە لەگەڵ مەریەم سەبارەت بە منداڵەکەی قسەیان کرد، نەک هەموو خەڵکی.

خودا فەرموویەتی: ﴿لَّذِينَ قَالَ لَهُمُ النَّاسُ إِنَّ النَّاسَ قَدْ جَمَعُواْ لَكُمْ فَاخْشَوْهُمْ فَزَادَهُمْ إِيمَاناً وَقَالُواْ حَسْبُنَا اللّهُ وَنِعْمَ الْوَكِيلُ﴾ [آل عمران:١٧٣﴾]، واتە: «هەر ئەو کەسانەی کە [هەندێک لە] مرۆڤ بەوانیان ووت خەڵک بۆ [شەڕ] لەگەڵ خڕ بوونەتەوە، و دوای ئەوەی کە ترسان، بەڵام (ئەم قسە) ئیمانیانی زیدە کرد و ووتیان خودا بۆ ئێمە بەسە و بەڕاستی خودا پاڵپشتێکی باشە.» هەروەها کە مەبەست لە وشەی (الناس) لە ئەم ئایەتەدا ابوسفیانە، وەها کە موجاهید و عەکرەمە وتوویانە.



مەبەست لە (الناس) لەم ریوایەتەدا عامە و مەبەستی تایبەتی هەیە، ئەویش هەندێک لە موشریکەکانی عەرەبن کە لەگەڵ پێغەممەر شەڕیان کرد و بڕیاریان ئەوە بوو کە ڕەگی ئیسلام لە بنەمایەوە هەڵ کەنن و بە دەعوەتەکەی ئەو کۆتایی بدەن، نەک هەموو خەڵکی، هەروەها کە خودا لە سورەی تەوبە ئاوا وەسفیان دەکات: ﴿لاَ يَرْقُبُونَ فِي مُؤْمِنٍ إِلاًّ وَلاَ ذِمَّةً وَأُوْلَئِكَ هُمُ الْمُعْتَدُونَ﴾، [توبە: ١٠] واتە: "سەبارەت بە هیچ ئیماندارێک خێشاوەندی و پەیمان ناکەن و ئەوانە بەڕاستی دەسدرێژیکەرن."

وە هەروەها کە خودا فەرموویەتی: ﴿وَإِن نَّكَثُواْ أَيْمَانَهُم مِّن بَعْدِ عَهْدِهِمْ وَطَعَنُواْ فِي دِينِكُمْ فَقَاتِلُواْ أَئِمَّةَ الْكُفْرِ إِنَّهُمْ لاَ أَيْمَانَ لَهُمْ لَعَلَّهُمْ يَنتَهُونَ﴾، [توبە:١٣] واتە: «وە ئەگەر گرێبەستەکانی خۆیان دوای پەیمان شکاند و تەعنەیان دا لە ئێوە سەبارەت بە دینەکەتان پەس لەگەڵ پێشەواکانی کوفر شەڕ بکەن چونکە ئەوانە هیچ پەیمانێکیان نیە کە (لە گرێبەست شکاندن) دوور بن".

## سیرەی نەبەوی

## ڕاستەقینەیە کە ڕوانگەی کۆمەڵ ڕوون دەکاتەوە

کەسێک کە لە ژیان، سیرە و مەواقیفی پێغەمبەر توێژینەوە و لێکۆڵینەوە بکات بەتەواوی دەزانێ کە پێغەمبەر ڕەحمەت و هیدایەتێک بووە بو تەواو عالەمیان و ئەو شەفێق و دڵسۆزە، هەروەها کە قورئان ئەوە بە ڕەئوف و ڕەحیم ناو دەنێ و ئەم مەسەلەیە پێویستێکی بە دەلیل و بورهان نیە و مێژوو ئەوەی لە لاپەڕەکانی خۆی تۆمار کردووە و مرۆڤ وەکوو ئەوی بە چاو نەبینیوە.

حەزرەت لە سەرەتای دەعوەتەکەیەوە هەتاکوو کۆتایی تەنانەت لەگەڵ دژەکانی مێهرەبان بوو. بۆ نموونە بە ئەم چەن مەوریدە ئاماژە دەکرێت:

- لە سەرەتای دەعوەت کردن نابوودی ئەوانی نەدەخواست و بەم جۆرە دۆعای دەکردک" خودایا قەومی من هیدایەت بکە، چونکە ئەوانە نازانن." حەرزەت ئەم ڕستەیە بە زیرەکیەکی پێغەمبەرانە و ڕەحمەتی ڕەسالەت بە زمان هێنا. سەرنجی لەتافەتی ئەو ڕستەیە بدە کە دۆعاکەی دەست پێ کردووە، "خودایا هیدایەتیان بکە" و سپەس ئەوانە بە خۆی نیسبهت دەدا، سەرەڕای ئەوەی کە کافرن، ئەڵێ: "قەومی من" و ئینجا عوزرەکەی ئەوانی ناو دەبات: "چونکە نازانن."
- لە حاڵێکدا دەسەڵاتی لەسەر تۆڵە کردن لەوان دەسەڵاتی هەبوو، گوزەشت دەکا لەوان و لێبووردەی کرد لێیان و فەرمووی: "بڕون! ئێوە ئازادن". ئەوانەی ڕەها کرد و بەڵکوو لە ڕەها کردن و ئەمان دان بەوان موبالیغەی کرد و فەرمووی: "هەر کەس لە ماڵی من دانیشێت لە ئەمانە" و ئەگەر مەبەست کوشتنی ئەوە بوو کە ئیمانی نەبوو، دەیفەرموو: هەر کەس ئیسلام بێنی لە ئەمانە و نەیئەکووت: هەرکەس بڕواتە نێو ماڵەکەیەوە لە ئەمانە.



Deviance_Isssue_07_Kr_PRINT.indd 6-10
01/01/18 22:48